
## محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق:

# کەسێك دەست دەبات بۆ وەرگێڕان، دەبێت بزانێت وەرگێڕان زمانزانیو هونەرو سەلیقەو زانستە



سازدانی: ئیدریس عەلی

لە نێو  شەپۆلی وەرگێڕانی کارە ئەدەبییەکاندا، دەگمەنن ئەوانەی بەپەرۆشو بەئەمانەتەوە رۆمانێك یان تێکستێکی ئەدەبیمان بۆ دەگوێزنەوە سەر زمانی کوردیو چاو و رۆحی خوێنەری پێ ئاشنا دەکەن، ئەگەرچی لە ناو هەموو میللەتاندا سەرەتا جۆرێك لە بێ بەرنامەییو دەستبردن بۆ هەموو کارێكو وەرگێڕانی هەست پێدەکرێ، ئەوە ئێستا لە ناو ئێمەشدا روودەدا. محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، یەکێکە لەو وەرگێڕانەی لەبواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا دەقمان بۆ دەگوێزێتەوە، کە ئاستی زمانزانیو شارەزایی ئەدەبی ئەم وەرگێڕە مایەی خۆشحاڵییە، ئایندە لەدرێژەی بەسەرکردنەوەو دواندنی شارەزایانی بواری وەرگێڕاندا، بەباشی زانی ئەم دیدارە لەگەڵ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیقدا ئەنجام بدات.

***مێژووی پرۆسەی کاری نووسین و وەرگێرانت بۆ کەی دەگەڕێتەوەو چۆن دەستت پێکرد؟**


-وەك سەرەتایەك حەز دەکەم کەمێك بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیم و ئەو شتانەی لەو سەرەتا زووەوە کاریان تێکردم بۆ بایەخدانی دواتر بە هەندێك بواری رۆشنبیریمان، وەك فۆلکلۆرو وەرگێران. ئەڵبەتە من دەمێکە خولیای کۆکردنەوەو سەرنجدانم لە سەر فۆلکلۆری کورد و لەسەرخۆ خەریکی کۆکردنەوەو تاووتوێکردنی بابەتە فۆلکلۆرییەکانی وەك شیعری سەرزارەکی و چیرۆکی بەرئاگردان و بابەتی تری کەلەپوورم بە وەرگێرانیش لەم بوارەدا، رەنگە ئەمەش بە هۆی کاریگەریی ئەو حیکایەتخوان و گۆرانیبێژە میللییانەی ئەو سەردەمەی گوندەکانی گەرمیانەوە بووبێت، کە من لە منداڵی و مێرمنداڵیمەوە، لە ناوەڕاستی پەنجاکان بەدواوە زۆر پێیان سەرسام بووم، تا ئێستاش حیکایەتە دوورو درێژەکانی مامە عەزەی هەسەخانە کە شەوانە بە زنجیرە دەیگێرایەوە و گۆرانییەکانی حەمەی جەمە و حەمەی کامەران و خەڵکی تر، کەوا کۆڕی شایی و زەماوەندیان پێ گەرم دەکرد، کاریگەرییەکی زۆریان لە سەرمە و عەوداڵی دواتری بایەخدان و تەنانەت کاری وەرگێرانی ئەم بوارەی کردم. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو کاتە خوێندنی ئێمە لە سەرقەلا و کفری بە عەرەبی بوو، لە هەمان کاتدا لای مەلاش خرامە بەر خوێندن و لە پێنجی سەرەتاییدا قورئانم خەتم کردو دواتریش هەر وازم لێنەدەهێنا و بەردەوام دەمخوێندو زیاتر ئەمەیان وایلێکردم کە لە زمانی نەحویی عەرەبیدا بەهێز ببم و پێی بنووسم و وەرگێرانی لێوە بکەم. بۆ فێربوونی خوێندنەوە بە کوردیش، مامۆستا قادر ئەفەنی لەخۆبووردووانە زۆر خۆی لەگەڵمان ماندوو دەکرد و شیعری شاعیرانی کوردی پێدەنووسینەوەو لەبەرمان دەکرد. بێجگە لەوەش گەلێجار باوکم لای دوو کتێبفرۆشی کفری، کە خوالێخۆشبووان فەقێ عەلی و مەلا ئەولقادر بوون، کتێبی کوردیی بۆ دەهێنام چەشنی: ئەمیر ئەرسەلان، خورشید و خاوەر، میعراجنامە، رۆستەم و زۆراب و .. تاد. منیش بە شەوق و زەوقەوە بۆ خەڵکی گوند دەمخوێندەوە. ئەمە و دەسەڵاتشکانم بە سەر زمانی عەرەبیی فەسیحدا وایلێکردم لە پێنجی سەرەتاییەوە بکەومە خوێندنەوەی هەر کتێب و گۆڤار و رۆژنامەو تەنانەت پەڕە کاغەزی دڕاویش، بە کوردی بوایە یان بە عەرەبی و بەتایبەتی رۆمان، کە ئەو دەمە باوی رۆمانەکانی نەجیب مەحفوز و تۆفیق ئەلحەکیم و نووسینەکانی جۆرجی زێدان و سەلامە مووسا و مستەفا لوتفی ئەلمەنفەلووتی، کە زۆربەمان (نظرات و عبرات)ەکەیمان هەر لەبەر کردبوو، کەوا بە دەستکارییەوە لە فەرەنسییەوە وەریگێڕابووە سەر عەرەبی، هەروەها پەلیشمان دەکوتا بۆ زۆربەی رۆمانە بەناوبانگەکانی جیهان. من هەر لە سەرەتای خوێندنی ناوەندیمەوە زۆرم حەز لە وانەی ئینگلیزی دەکرد و سەرسامی شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستا مستەفا مڵکی بووم، کە دڵسۆزانە فێری دیالۆگی ئەو زمانەی دەکردین. تەنانەت لەو سەرەتا زووەمدا هەوڵی وەرگێرانی کاڵ و کرچیشم دەدا لەو زمانەوە، کە دواتر و پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ و ژیانی مامۆستایی، هەردوو بواری وەرگێران و بایەخدان بە کۆکردنەوەی ئەدەبی سەرزارەکی زیاتر گەڵاڵە دەبوون لە لام.

سەرەتا وەك نووسین یەکەم بابەتم ساڵی 1976 لە بیری نوێدا بڵاوکردەوە (کە ئەو دەمە رۆژنامە بوو بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو – ئەڵبەتە نووسینەکە کوردی بوو و لەهەمانکاتدا تەرجەمەی عەرەبیش کرا). ئەوکات وەك هەر گەنجێکی لای خۆمان کە سەرەتای نووسینی بە شیعرو چیرۆك دەست پێدەکرد، منیش بە چیرۆك دەستم پێکردو چەند چیرۆکێکم نووسی، بەڵام رام لەسەر هیچیان نەبوو، بۆیە بڵاوم نەکردنەوەو دەستم لەوە هەڵگرت ببمە چیرۆکنووس. لە ماوەی ساڵانی کاری مامۆستاییمدا لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ و هەڵەبجە هەندێك جار خوێندکارەکانم رادەسپارد ئەو بابەتە فۆلکلۆریانەم بۆ کۆبکەنەوە و خۆشم دەگەڕام و لە ماوەی نزیکەی هەژدە ساڵدا زیاد لە دوو هەزار و پێنجسەد بەیتە شیعری فۆلکلۆریی ناوچەکانی قەرەداخ و شارەزوورو گەرمیانم بە شێوەیەکی مەیدانی کۆکردەوە، لەگەڵ دەقی دەیان چیرۆکی بەرئاگردانی کوردەواری، کە ناو بەناو هەندێکیانم لە گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی ساڵانی هەشتاکاندا بڵاودەکردەوە، وەك گۆڤارەکانی

کاروان و رۆشنبیری نوێ و رۆژنامەکانی هاوکاری و پاشکۆی عێراق.

هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا دەستیشم دابووە وەرگێرانی گەلێ بابەتی فۆلکلۆریی گەلانی دنیا، زۆربەیان لە ئینگلیزییەوە بوو، بەتایبەتی لە گۆڤاری سپۆتنیکەوە Sputnik کە گۆڤارێکی مانگانەی سۆڤێتی بوو بە چەندین زمانی زیندووی دنیا دەردەچوو و ئینگلیزییەکەی دەگەیشتە دەستی ئێمە و زۆربەی ژمارەکانیشی ئەفسانە یان چیرۆکێکی میللیی رووس، یان گەلێك لە گەلانی سۆڤێتی ئەو سەردەمەی تێدابوو. بە راستی گۆڤارێکی ئاست بەرز بوو، من زۆربەی ژمارەکانیم لە بەغداوە بۆ دەهات و پاش خوێندنەوەی زۆرێك لە بابەتەکانی، ئەو ئەفسانە و چیرۆکە میللییانەم دەکردنە کوردی و گەلێکیشم لەو گۆڤار و رۆژنامانەی لە سەرەوە باسمکردن بڵاودەکردەوەو دواتر بەشێکیم لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی "میر ئیڤان و گورگە بۆر" کە ناونیشانی یەکێك لە چیرۆکەکانە، ساڵی 2006 لە دەزگای چاپو پەخشی سەردەم بڵاوکردەوە.

ساڵانی هەشتاکان، سەرباری هەڵاتن لە سەربازی و دەربەدەری و فەسڵکردن لە وەزیفە بە هۆی سەربازی نەکردن و خۆلادان لە جەنگی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراق، بەڵام لە سەرێکی ترەوە دەرفەتێکی باشی بۆ رەخساندم بۆ کۆکردنەوەی مەیدانیی بەیت و چیرۆکەکان لە دێهاتەکانی گەرمیان و قەرەداخدا (پێش ئەنفال) کە دەمێك بوو دەستم دابوویە. دواتر و لە ساڵی 2000دا ئەو سەدان بەیتە سەرزارەکییە و دەقی بیست و چوار چیرۆکی بەرئاگردانم، وەك بەرگی یەکەم لە دووتوێی کتێبێکی 442 لاپەڕەییدا، لە وەزارەتی رۆشنبیریی ئیدارەی ئەو کاتەی سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێك تێبینی و باسوخواسدا بە چاپ گەیاند، هەرچەندە بەداخەوە پڕکرا لە هەڵەی زەقی چاپ و بە تەمام، بێجگە لە چاپکردنەوەی ئەم بەرگە، لە داهاتووی دوور یان نزیکدا بەرگی تریشی لێ بڵاوبکەمەوە. شیاوی باسە پێش چاپە کوردییەکەی، لە سەر داوای خاتوو د. ڤێرای سەعیدپووری بەڕێوەبەری




دەزگای کتێبخانەی کوردی Kurdish Library لە نیویۆرك ـ ئەمەریکا کۆپییەکی کتێبەکەم بۆ نارد و پرۆفیسۆر ویلەر ساکستۆن Wheeler Thackston، کە لە زانکۆی هارڤارد بەرپرسی لێکۆڵینەوەی کوردی و ئێرانییە و کوردیزانێکی تەواوە و چیرۆکەکانی کردە ئینگلیزی و ساڵی 1999 لە نیویۆرك لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوبووەوە بە ناوی "چیرۆکی میللیی کوردی Kurdish Folktales "، لەگەڵ پێشەکییەکی پرۆفیسۆر ساکستۆن و د. ڤێرا سەعیدپووردا. ساڵی 2006یش خانەی وەرگێران لە سلێمانی، پاش وەرگرتنی رەزامەندیی دەزگای کتێبخانەی کوردی لە ئەمەریکا چاپی دووەمی کردەوە.

هەر لەو ساڵانەدا کە باسم کرد یەکەمین کاری وەرگێرانی ئەدەبیم وەك کتێب، رۆمانی «کیژی کاپیتان»ی ئەلیکساندەر پووشکین بوو. یەکەمجار ئینگلیزییەکەیم دەستکەوت


و به خوێندنەوەی چێژم زۆر لێبینی و بێجگە لەوەش شتی زۆریشم لەبارەوە خوێندبووەوە، بۆیە دەستم دایە و پاش چەند مانگێك وەرمگێڕا. دواتر لەگەڵ وەرگێڕانێکی عەرەبیی غایب توعمە فەرمان و دەقێکی تری رووسی ــ ئینگلیزیدا بەراوردم کردن. ئەڵبەتە من رووسی نازانم، بەڵام بە زۆری زۆردارەکی و لە رێگەی قامووسەوە خۆم فێری خوێندنەوەیەکی خاوی پیتی سلاڤی کردبوو و بەمەش ناوە رووسییەکانم وەك خۆی لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا دادەڕشت، چونکە نە لە ئینگلیزییەکە و نە لە عەرەبییەکەشدا ناوەکان وەك ئەوەی لە رووسیدا بوو نەنووسرابوون و بۆ تەواو دارشتنی زمانی کوردی لەو دووانە لەبارترە. ساڵی 1983 پاش تەواوبوونی ناردم بۆ مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و کاری راست بێ ئەویش بە وردی پێیداچووەوە و لە دارشتنە کوردییەکەدا گەلێ شوێنی بۆ راستکردمەوە و ناوە رووسییەکانیشی بۆ پوختتر کردم و زۆری بەلاوە پەسەند بوو و دەستخۆشیی لێکردم. دەسنووسی وەرگێڕانی ئەم رۆمانە ماوەیەکی زۆر بە چاپنەکراوی مایەوەو تۆزی لێنیشت، تا ساڵی 1999، ئەمیش لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم هەلی چاپی بۆ رەخسا.

«کیژی کاپیتان» لە چیرۆکێکی دڵدارییەوە دەچێتە سەر گێرانەوەیەکی واقیعیی مێژوویی بزووتنەوەیەکی جووتیاری لە رووسیای سەدەی هەژدەی سەردەمی قەیسەری رووپداوە بە رابەرایەتیی پووگاچیۆڤ، کەوا جووتیارێکی زەوییەندە بووە لە حەوزی ڤۆلگادا لەو ولاتە و خۆی کردووە بە قەیسەری رووس و دنیایەك خەڵك بەهۆی زوڵم و زۆرەوە دوای کەوتوون و ناوچەیەکی بەرفراوانی داگیرکردووە، بەڵام دواتر دەگیرێت و لەسێدارە دەدرێت. پووشکین رۆمانەکەی لەسەر راستیی گێرانەوەی خەڵکەکەی ئەو سەردەمە دارشتووە و بەرگی رۆمان یان چیرۆکی درێژی کردووە بە بەردا، بە جۆرێك کەوا بێلینسکیی رەخنەگری رووس لە بارەیەوە دەڵێت «جوانترین پەخشانی پووشکینە».

من وەك پێشتر باسمکرد زۆرێك لە شاکاری ئەدەبی کلاسیکیی رووسیم خوێندبووەوە و سەرسام بووم بە کارەکانی شۆلۆخۆف، پووشکین، دۆستۆیڤسکی، تۆلستۆی‌و تاد. بەتایبەتیش رۆمانی «دۆنی ئارام»ی شۆلۆخۆف، کە خەلاتی نۆبلی وەرگرت لەسەر ئەو رۆمانە و فیلمەکەی. دۆنی ئارام رۆمانێکی واقیعیی سیاسیی مێژووییە و باس لە سەرەتای شۆرشی ئۆکتۆبەری رووسیا و شەری براکوژیی بەرەی سپیەکان و سوورەکان دەکات لە حەوزی ڤۆلگادا، کەوا گەلی قەوزاقی تێدا دەژیا و باس لە گوندێك دەکات بە ناوی تاتارسك کە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم گوندێکی ئارام‌و ئاوەدان بووەو خەڵکەکە سەرقاڵی کاری رۆژانەی خۆیان بوون وەك کشتوکاڵ‌و راوەماسی. لێرە ژیان و مردن و خۆشەویستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی نەریتی دەگوزەران، وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری کشتوکاڵی لە دنیادا. دواجار شەری ناوخۆ و جەنگی جیهانی سەرجەمی رەوتی ژیان و گوزەرانیان دەگۆرێت و کاروباری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونیی خەڵکەکە تێکدەشکێنێت. شۆلۆخۆف تیشك دەخاتە سەر گوندێك و لەوێوە بۆ شتەکانی دیکە دەچێت. تەماشاکە جەنگ چۆن شێوازی ژیانی ئەو گوندە دەگۆرێت: ئافرەتەکان بێوەژن‌و منداڵەکان هەتیو دەکەون، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێنەوە. شۆلۆخۆڤ زۆر بە وردی باس لە نەهامەتییەکانی شەر دەکات و هەموو کارەساتەکانی تێدا کۆدەکاتەوە. بێگومان تراجیدیاکانی ئەم رۆمانە لە ژیانی سیاسیی کوردەوە زۆر نزیکەو کاریگەریی تەواوی خۆی هەیە، چونکە باس لە رەنگدانەوەی شەری ناوخۆو ئاکامە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژی‌و ئابوورییەکانی شەر دەکات‌و ناخی مرۆڤەکان تێکدەشکێنێت. من ئەم رۆمانەم ساڵی 1984 لە عەرەبییەوە و لە چاپێکی (دار الطليعة) ی بەیروت و وەرگێرانی عومەر ئەلدیراوییەوە کردە کوردی، کە یەك بەرگ بوو و کورتکراوەی دەقی بنەرەتیی رۆمانەکەیە و ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە رۆماننووسی گەورەی عێراقی غایب توعمە فەرمان، کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە مۆسکۆ دەژیا، هەر چوار بەرگە رووسییەکەی کردبووە چوار بەرگی عەرەبی و بنکەی چاپی پرۆگرێسی سەردەمی سۆڤییێت بڵاوی کردبووەوە. هەر لەو سەروبەندەدا دەقێکی یەك بەرگیی

ئینگلیزیی دۆنی ئارامم دەستکەوت. ڕاستە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی غایب توعمە فەرمان و ئەوی ئینگلیزییەکە دووروودرێژ بوون، بەڵام ئەلهەقی کە بەراوردمکردن لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی دیراویدا، واتە سەرچاوەی وەرگێڕانەکەی خۆم، تەماشا دەکەم بە ئەمانەتەوە ڕۆحی دەقەکەی پاراستووەو بەڵام کورتی کردووەتەوە و دەمێکیش بوو دەسنووسی وەرگێڕانەکەی لای منیش بێناز تۆز لێی نیشتبوو. ئەمە لای من ماوەی بیست و دوو ساڵ مایەوە و لەم ماوە درێژەدا کەسێکی تر پەیدا نەبوو وەریبگێڕێتە سەر کوردی و منیش تازە نەمتوانی ئەو کارە بکەم. ناچار پاش پرسو ڕا بە گەلێ دۆستی ئەدیب و نووسەر، پێیان باشبوو چاپی بکەم و برادەرێکی نووسەری قسەخۆش دەیوت بەخوا 22 ساڵی تریش بوەستی کەسیتر چوار بەرگی ڕۆمانەکە ناکاتە کوردی و تەنانەت ئەگەریش کرا ئەودەم کەس نییە بیخوێنێتەوە. ئەوجا منیش سەرلەنوێ بە کوردییەکەی خۆمدا چوومەوە و وەك دەڵێن دیسان هەڵمشێلایەوەو وەك وەرگێڕانێکی نوێی لێهاتەوەو ساڵی 2006 لە خانەی وەرگێڕان لە سلێمانی و لە دووتوێی 560 لاپەڕەدا چاپکراو کەسانێکی زۆریش لێی ڕازین‌و پێیان وایە ڕۆمانەکە بە کوردی نووسراوە. دەکرێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە من کاری وەرگێڕان بە ستایلی خۆم دەکەم، واتە نە ئەوەیە بە شێوەیەکی وشکی دەقاو دەق بێت کە ڕۆحی دەقە ئینگلیزییەکە بکوژم، نە ئەوەشە ڕێگە بەخۆم بدەم مۆرکی نووسەرەکە لە وەرگێڕانەکەدا فەرامۆش بکەم، چونکە وەرگێڕان ئەمانەتە، ئەگەریش بیروبۆچوونێکی خۆم هەبێت پەراوێزی بۆ دەکەم، لە هەمانکاتیشدا سەلیقەی زمانە کوردییەکەم زۆر مەبەستە، بەڵام بۆچوونی نووسەرەکە هەرچییەك بێت پاراستنی گرنگەو ناکرێ وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی بیشێوێنێت.

کتێبی چوارەمم کە ناوی «خوریی زێڕین.. ئەفسانە و حیکایەتەکانی گەلانی قەوقاز»ە، هی میللەتانی ئازەری‌و ئەرمەنی‌و جۆرجییە. سەرەتا بە ئینگلیزی خوێندمەوە و هەستمکرد زۆر نزیکە لە کەشوهەوای کوردەوارییەوە بەتایبەت ئەو چیرۆکە فۆلکلۆریانەی کە پێشتر کۆمکردبوونەوە. لەبەر ئەوە بە پەرۆشەوە ساڵی 1990 کەوتمە وەرگێڕانی و دەسنووسی ئەمیش تا ساڵی 2000 مایەوەو دواجار لەو ساڵەدا لە لایەن دەزگای سەردەمەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.




کتێبی پێنجەمم، بەو پێیەی ئێمە وەچەی زەرەرمەندی ڕاستەوخۆی کارەساتەکانی ئەنفال‌و کیمیاباران بووین، ساڵی 1995 کتێبی «جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد»م لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕا. ئەم کتێبە ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ/ چاودێریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (هیومان ڕایتس وۆچ/ میدڵ ئیست وۆچ)، ساڵی 1993 بڵاویکردەوە، پاش هەژدە مانگ کارکردنی تیمە پسپۆڕەکانی لە کوردستانداو پشتبەستن بە چواردە تەن بەڵگەنامەی

دەستبەسەرداگیراوی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی عێراق لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لە شارەکانی کوردستانداو سێ سەدو پەنجا چاپپێکەوتنو سەدان کتێبو ڕاپۆرتی جۆراوجۆرکە بەئاسانی دەست ئێمەومانان ناکەون. پێموایە تا ئێستا بابەتیترین کارە کە بێلایەنانە لە سەر ئەنفال نووسرابێت. چاپی یەکەمی وەرگێڕانی کوردیی ئەم کتێبە ساڵی 1999 لە دووتوێی 600 لاپەڕەدا لە ناوەندی چاپەمەنیی خاك لە سلێمانی، بە ناوی خوازراوی سیامەندی موفتی زادەوە بڵاوکرایەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە کتێبخانەکاندا نەما و فرۆشرا. دواتر دۆستێکم کە کتێبخانەی هەبوو و کۆپیی کتێبی دەکرد پێموت گەردنت ئازا بێت چەندی لێ کۆپی دەکەیت بیکە، چونکە دەمویست بگاتە دەست زۆرترین خەڵك. چاپی دووەمیشی ساڵی 2005 خانەی وەرگێڕان لە سلێمانی کردی و ئەمجارەیان بەناوی خۆمەوە بڵاوکرایەوە. کتێبی «ئەمەیە ئەمەریکا»، کە یاداشتی نزیکەی دوو ساڵی ئەزموونی ژیانی خۆمە لە ئەمەریکا، ساڵی 2006 لە لایەن دەزگای پەخش و وەشاندنی خەندانەوە چاپکراو وەك بابەتێکی ئەدەبیی پەسەند پێشوازیی لێکرا، هەروەها کتێبی «گۆڕینی ڕژێم» کە ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکی کریستۆفەر هیچنس ساڵی 2004 نووسی و هەمان ساڵ ئێمە لە ئینگلیزییەوە کردمانە کوردی و لە سەرەتای ساڵی 2005دا لەلایەن خانەی وەرگێڕانەوە بڵاوکرایەوە و خەڵاتی وەرگێڕانی ئەو ساڵەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێبرا. هەر لەم ساڵانەدا دوو کتێبیشم لەسەر مافی مرۆڤ لە ئینگلیزییەوە کردووەتە عەرەبی و بڵاوبوونەتەوە. تێکرا بە گشتی تائێستا سیانزە کتێبم چاپ بوون و دوا کتێبیان «کارێکی ژەهراوی.. ئەمەریکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە» بوو، کە لێکۆڵەری شارەزا د. یوست هیڵتەرمان نووسیوێتی و چاپە ئینگلیزییەکەی لە پاییزی ساڵی 2007 و کوردییەکەی لە سەرەتای ساڵی 2008دا لە دەزگای هەفتەنامەی «ئاوێنە»وە لە دووتوێی 430 لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

***بەر لە وەرگێڕانی هەر تێکستێکی ئەدەبی، پێویستە کەسی وەرگێڕ ئاگاداری ژیانی کۆمەڵایەتیو کولتووریو هەلومەرجی ئەو وڵاتەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو ئاستی شارستانێتیی ئەو وڵاتە بێت کە تێکستەکەی لێ دەگوازێتەوە بۆ سەر زمانی کوردی.. ئەم مەعریفەو شارەزاییە تاچەند لای وەرگێڕکارانی کورد دەبینیتەوە، بەتایبەتی کە ماوەیەکە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەدەبی چەندایەتیی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەڕووی چۆنایەتییەوە ڕات چییە لە سەریان.. ئایا خۆت بەر لە (دۆنی ئارام) تا چەند شارەزاییت لە ژیانی رووسیا هەبووە؟**

-ڕاستە من زۆر بڕوام بەوە هەیەو سەرەڕای شارەزابوون لە هەردوو زمانەکە، دەبێت ئاشناییەکیشی لە کولتوور و فەرهەنگ و مێژووی ئەو وڵاتەدا هەبێت. گەلێك لە نەوەی پەنجا و شەستەکان سەرچاوەی ڕۆشنبیریو فەرهەنگیمان ئەدەبی ڕووسی و سۆڤێتی بوو، ئایدیۆلۆجیای باویش چەپ و مارکسی بوو. بۆیە بایەخدان بەو ئەدەبە و لەو ڕێگەیەوە شارەزابوون لە زۆر لایەنی ژیان و مێژووی ڕووسیا و وڵاتی سۆڤیێت بەشێك بوو لە پێداویستیی باری بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەمان. ئێمە ئەو کاتە ئەڵقەی خوێندنەوەمان هەبوو، ڕۆمان و کتێبە گرنگەکان لە ناوماندا دەستاودەستی دەکردو پاش خوێندنەوەش گفتوگۆمان لەبارەوە دەکردن. جا هەر لەو کاتەوە ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕووسی ئاشنای ڕۆحم بوو و کاریگەرییەکی زۆری لە سەرمە و کاتێ کە ئەو ئەدەبە دەخوێنیتەوە هەست بە نزیکایەتییەکی زۆر دەکەیت لەگەڵ فەرهەنگە کوردەوارییەکەی خۆتدا. من بەر لە ڕۆمانی (دۆنی ئارامو کیژی کاپیتان)م وەرگێڕا، کە تێیدا پووشکین باس لە کۆمەڵگەیەك دەکات گەلێك نەریتی ژیانی لە هی لای خۆمان دەچێت. لە دۆنی ئارامیشدا میخایل شۆلۆخۆڤ باس لە میللەتی قەوقاز، یان کازاك، دەکات کە لە داب و دەستووری ژیانیاندا تەواو لە کورد دەچن و لە سەرێکی تریشەوە شەڕی ناوخۆ چ کارێکی تێکردوون و چ کارێکیش دەکاتە سەر ناخ و ڕەفتاری مرۆڤ، زۆرجاران لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خۆشماندا ئەو شتانەم بینیوە کە هەمان واقیعە.

***تەنانەت لە ڕۆمانەکانی ئیتماتۆڤدا ئەو کەشە کوردییە دەبینیتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆمانی یەکەمین مامۆستاو**

**نەونەمامە لەچك سوورەکەم.. ئەم نزیکایەتییە لەکوێوە دێت، ئایا لە ئەدەبی میللەتێکی تردا ئەم لێکچوونە دەبینرێت؟**

-زۆرباشە تۆ باسی جەنگیز ئیتماتۆڤت کرد، من کە (جەمیلەو یەکەمین مامۆستاو ماڵئاوا گوڵساری و کوری سەربازەکە) دەخوێنمەوە، کە کاتی خۆشی کوڕی سەربازەکەم وەرگێڕاو لە گۆڤاری کارواندا بڵاوبووەوە، کاتێ ئەم ڕۆمانانە دەخوێنیتەوە گەلێ کەشوهەوای کوردەوارییی تێدا دەبینی و هەستدەکەیت ئیتماتۆڤ نووسەرێکی کوردەو بۆ تۆ دەنووسێت. لام وایە زۆربەی گەلانی بانی ئاسیا وەك ئێمە شوانکارە بووبێتن و شێوازی بەرهەمهێنانی ئابووریو دابونەریتی ژیانمان هاوشێوە بووە، ئەمە لە مەسەلە ڕۆحییەکانیشدا هەر وایە، تەنانەت حیکایەتە فۆلکلۆریەکانیشمان لێکدەچن و نزیکایەتییان هەیە، بەڵام دەقاو دەق نین. بۆیە ئەم هۆکارانە وادەکەن هەست بکەیت ئاشنایت بە ڕۆحی شۆلۆخۆڤ و ئیتماتۆڤو ئەوانیتر.

***لە ڕۆمانی دۆنی ئارامدا زمانێکی زۆر شیرین و کوردیانەو بێ گرێو گۆڵت بەکارهێناوە، هەر لە ڕێگەی ئەم زمانەشەوە پەیوەندیی خوێنەر بە تێکستەکەوە پتەوتر دەبێتو کەشی هونەریی ناو دنیای ڕۆمانەکەو شێوەی گێڕانەوەو حیوارەکانو هەڵچوونو داچوونەکانی کەسایەتییەکان بپارێزێتو بەهای ئیستاتیکی بە زیندوویی بهێڵێتەوە.. ئایا یەکێکیتر لە بەرپرسیارێتییەکانی وەرگێڕ ئەوە نییە کە دەبێت لە زمانی دیکەشدا شارەزایی تەواوی هەبێت؟**

-بەڵێ وایە و ئەوە گرنگترین کۆڵەکەی وەرگێڕانە. تۆ بێجگە لە تەواو زانینی ئەو زمانەی لێوەی وەردەگێڕیت، دەبێ شارەزای زمانی ستاندەری کوردیش بیت و ئاشنایپەکیشت هەبێت لەگەڵ دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانەکەی خۆتداو ناوچە جوگرافییەکانی ئەو دیالێکتانە. بێگومان تا چەند ئاشنا بیت زیاتر دەسەڵاتت دەشکێت بەسەر کاری وەرگێڕان و ڕەچاوکردنی ڕەوانبێژی و سەلیقەی زمانە کوردییەکەدا. بەداخەوە نووسەری لای خۆمان هەیە بە زمانی ناوچەیەکەوە دەیگرێت و وای دادەنێت کە تەنها ئەوەی ئەو دەیزانێ کوردیی ڕەوانە، لە کاتێکدا دەکرێت زمانە کوردییەکەت دەوڵەمەند بکەیت بە شێوەزارە جیاوازەکان و سوودیان لێ وەربگریت. من ئەگەر خوێنەر لە زمانەکەم ڕازیبووبێو شتێکم کردبێت، هۆکەی ئەوەیە خولیای کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆریم هەیەو ئەمەش ڕەنگە کاریگەریی لە سەر ڕەوانبێژی و سەلیقەی زمانە کوردییەکەم بەجێهێشتبێت، پاشانیش ئەوەی کە لە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزییەوە دەیگوێزمەوە سەر زمانەکەی خۆمان هەوڵدەدەم بە ئەمانەتەوە بۆچوون و تایبەتمەندیی نووسەرەکەی بپارێزم و لە هەمان کاتیشدا لە وەرگێڕانیدا سەلیقەو تایبەتمەندیی زمانەکەی خۆمی تێدا ڕەچاو بکەم و پێموایە هونەری وەرگێڕان لە بایەخداندایە بە وردەکاری و ئیدیۆم و نهێنییەکانی ناو هەردوو زمانەکە. بە واتا نە کوردانەن و نە وەرگێڕانی دەقاودەقی وشكو برینگ، کە کەس نەتوانێت بیخوێنێتەوەو چێژی لێ ببینێ. من لە وەرگێڕانەکانی دیکەشدا وەك جینۆسایدو کارێکی ژەهراوی و ... تاد، هەمان شێوازم پەیڕەوی کردووە.

***باسی کارەکانی دیکەت کرد وەك جینۆساید.. ئایا کارکردن لە دوو بواری جیاوازدا پێویستی بە دوو جۆر زمانی تایبەتو دوو تێگەیشتنی جیاواز نییە، بۆ نموونە ئەو زمانەی دۆنی ئارام هەمان ئەو زمانەیە کە جینۆسایدت پێ وەرگێڕاوە.. یاخود چۆنت توانی ئەو هاوکێشەیە رابگریت؟**

-نازانم چۆنم توانیوە.. بەڵام ئەوەیان دەزانم کەوا کارەکەم لە خۆم نەکردووە بە چێشتی مجێور. ئەو لایەنە ئەدەبییەی هەڵمبژاردووە کەوا کاری وەرگێڕانی تێدا بکەم، چەشنی ڕۆمان و ئەدەبی میلیی گەلان، لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی خۆمان و لایەنە فۆلکلۆرییەکەمانەوە نزیکە. ئەو بابەتانەش کە تۆ لە «جینۆساید» و «کارێکی ژەهراوی»دا دەیانخوێنیتەوە بەشێکن لە ژیانی خۆتو پەیوەندییان بە ئێستا و مێژووی نزیکمانەوە هەیە. ئەڵبەتە کە دەچمە سەر دوو لایەنی جیاواز بەشی ئەوەم تێدا خوێندووەتەوەو بایی ئەوەندە لەگەڵی ژیاوم و خۆشم بەشێك بووم لە ئازار و مەینەتییەکانی، هەوڵیشم داوە کاریی وشك و برینگ نەبێت و بە زمانێك

بێت کەوا خوێنەر بتوانێ بەدوایدا بڕوات و شوێن ڕووداوەکان بکەوێت. لە بوارە ئەدەبییەکەشدا دەستم بۆ ئەو کارانە بردووە کە توانام بەسەریاندا بشکێت، بۆ نموونە دەستم بۆ شیعر نەبردووەو پێموایە کەسێك کە خۆی شاعیر بێت پەنا بباتە بەر وەرگێڕانی شیعر سەرکەوتووتر دەبێت، ئەگەرنا ئەوە مافی خۆی نادرێتێ، بەڵام من پەنا دەبەمە بەر وەرگێڕانی ڕۆمان، چونکە سەرەتای داڕشتنی بناغەی ڕۆشنبیریم بە خوێندنەوەی زۆری چیرۆك و ڕۆمان بووە.

***کەواتە ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییانە چین کە دەبێت لە وەرگێڕێکی سەرکەوتوودا هەبێت.. چونکە ئەگەر ئاگادار بیت کەسانێکی زۆر بەبێ مەعریفە دەستیان داوەتە کاری وەرگێڕان، بەتایبەتی لە عەرەبی و فارسییەوە، بە نوکتەی لە قەڵەم مەدە باس لەوە دەکرێ تەنانەت هەندێ کەس کاتێ خۆی بۆ کرێکاری دەچوون بۆ ئێران ئێستا کاری وەرگێڕانی ئەدەبی دەکەن و گەلێکیان ئەو تێکستە بازاڕیانە دەکەنە کوردی کە لە پێوەرەکانی ئەدەبی جدیو بەهای ستاتیکیو داهێنان بەدەرن؟**

-بێگومان ئەگەر بە نوکتەش بوترێت تاڵە و دیارە ڕاستییەکیشی تێدایە، ئەڵبەتە فارسی و عەرەبی دوو زمانی زۆر دەوڵەمەندن و لە بوارەکانی ئەدەب و زانست و هزردا خاوەنی شاکاری گەورەن و بنەمای ڕۆشنبیریی ئێمەش زمانی عەرەبییە. مخابن لای خۆمان وەرگێڕان، تا بڵێی بێسەروبەر و بێ بەرنامەیە، لە ڕووی بابەت و هونەرییشەوە. ڕاستە ئێمە پێویستمان بە بزووتنەوەیەکی وەرگێڕانە لە زۆربەی بوارەکانی مەعریفەداو هەر بوارێك دەگریت شتێکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە و پێویستە هەوڵی جدی بدەین کەلێنێکی لێ پڕ بکەینەوە. ئەمەی لای ئێمە دەکرێت لەم بوارەدا لە کاری ئەو بازرگانانە دەچێت کەوا کاڵا بێکەڵك و هەرزانبایی لە چین و وڵاتانی ترەوە دێنن و لە بازاڕدا بەسەر خەڵکیدا ساغی دەکەنەوە و کەسیش یەخەیان ناگرێت. بە هەمان دەستوور لە وەرگێڕانیشدا گەلێ کاری بێبایەخی چەشنی ئەو کاڵا بازرگانیانە دەخرێنە کتێبخانەکانەوە و لە ئەنجامی کزیی یان نەبوونی ڕەخنەی ئەدەب و فکری کوردیش هەروا تێدەپەڕن و چاك و خراپ لێك جیاناکرێنەوە و بووە بە پاشاگەردانی و ژمارەیەکی بەرچاوی سادەنووس و مفتخۆری لەسەر دەژی و هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خوێنەر و ڕەخنەگری جدی لە سەرێکەوە و بێ شیرازەیی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە سەرێکی ترەوە.

پێموایە کەسێك دەست دەبات بۆ وەرگێڕان دەبێت بزانێت وەرگێڕان زمانزانییە، هونەرە، سەلیقەیە، زانستە، دەستپاکییە، ڕاستگۆییە لەگەڵ خۆتو ئەو دەقەی وەریدەگێڕیت، بەڵام بەداخەوە تێکەڵو پێکەڵەیەکی زۆر درووستبووەو خەڵکێك پەیدا بوون بەبێ ئەوەی توانایان بەسەر زماندا بشکێت کاری وەرگێڕانی سەقەت دەکەنو دواجار کارەکە سەقەت دەکەن. زۆر کەس هەن زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و ئەڵمانیو..باشە، بەڵام زمانە کوردییەکەیان لەنگ و ناتەواوە و نابێت وەرگێڕانیان لێ بسەلمێنرێت و بە قەولی پەندە کوردییەکە «هەرکەس سمێڵی سوور بوو، هەمزە ئاغا نییە»و هەر کەسێکیش زمانێکی تری غەیرە زمانی کوردیی زانی مەرج نییە زمانی بابی خۆی باش بزانێت. بڕواتان بێت ڕۆمان هەبووە بە ئینگلیزی خوێندوومەتەوە زۆر جوان بووە، دواتر وەرگێڕانە عەرەبیەکەیشیم خوێندۆتەوە پڕ بە پێستی زمانە ئینگلیزییە ڕەسەنەکەی بووە، بەڵام کە کراوە بە کوردی (حەز ناکەم ناوی وەرگێڕەکە بێنم) نەمتوانی چوار لاپەڕەی لێ بخوێنمەوە، چونکە زمانە کوردییەکەی سەقەتکرابوو. لەبەر ئەوە پێویستە ئەگەر کەسێك کارێکی خراپی کرد هەقە لێی بکرێ بە هەڵاو بەر نەشتەری ڕەخنەی توند بکەوێت، مەبەستم کارەکەیەتی نەك توانجی شەخسی و ناوزڕاندن، کە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا باوەو بۆ ئەوەی کەسی وا سڵ بکاتەوەو نەوێرێ بە ئاسانی دەست ببات بۆ کارێك کە بزانێ هی ئەو نییە و قورس دەکەوێت لە سەری، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین کە وەرگێڕی باشمان هەن دەقی جوان بە ئەمانەت و دەستپاکییەوە وەردەگێڕن. دەکرێ پشت بەمانە ببەسترێت و دواجار بۆ بەرنامە و بزووتنەوەی وەگێڕانی پوخت پێویستمان بە کردنەوەی ئینستیتیوت و کۆلێژی ئەم بوارە هەیە و پێویستە

زانستیانه مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

***بۆچی وەرگێڕانی پێچەوانەمان کەمە، بۆ نموونە بۆچی ئەدەبی کوردی وەرناگێڕدرێتە سەر زمانێکی زیندووی دنیا، ئاخۆ هۆکارەکەی ئەوەیە کورد خاوەنی ئەدەبێکی جدیو زیندوو نییە کە شایستەی ئەوە بێت بە زمانێکی دیکە بخوێنرێتەوە، یان ئەوەیە گرفتەکە لە خودی وەرگێڕکارانداییە؟**

-بۆ گۆڕینی هەر تێکستێك لە هەر زمانێکی دنیاوە بۆ وەرگێڕی کورد کۆمەڵێك قامووس لە بەردەستدا هەن‌و چەندین سەرچاوە کارئاسانیت بۆ دەکەن، بەڵام گۆڕین لە کوردییەوە بۆ زمانێکی دیکە پڕ لە گرفتە. هەمووان ئەوە دەزانین کە هێشتا زمانی ستاندارد و یەکگرتوومان ناجێگیر و پڕ لە کێشەیەو هەر جارە و قۆرتێکی دێتە پێش. ئەڵبەتە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، تۆ کە قامووس و فەرهەنگێکی تۆکمە و جێگیرت لە بەردەستدا نەبێت ناتوانیت هیچ بکەیت، ئەگینا ئەم زمانەی ئێمە شتی باشی پێ نووسراوە، سەرباری ئەوەی دەبێت لەوە دڵنیا بین کە هێشتا شتی گەورەمان نەنووسیوە، بەڵام شتی جوانیشمان هەیە، ئەگەر وەرگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە شانازیی پێوە بکرێت، سەبارەت بەوەش کە وەرگێڕی پێچەوانەمان نییە یان کەمن، ئەمەش دیسان هۆکاری خۆی هەیە. ئێمە زمانمان هەژارە و بە حوکمی بارودۆخی ژێردەستەیی سیاسی و باری فەرهەنگیی شێواومان.

***ئەگەر زمانی کوردی دەوڵەمەند بوایە ئەدەبەکەمان شایەنی ئەوە بوو وەرگێڕدرێتە سەر زمانێکی زیندووی دنیا.. ئایا ئێمە شیعرو چیرۆكو ڕۆمانی جوانمان نییە؟**

-هەرچەندە زمانی کوردی کێشە و گرفتی خۆی هەیە، بەڵام وای بۆ دەچم کاری ئەدەبیی باشی پێ نووسراوەو رەنگە هیچیان کەمتر نەبێت لەو کارانەی کە هەڵپەی وەرگێڕانیان بۆ دەکەین. هەقە ئێمە کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکەین و هەوڵ بدەین بە ئەدەبەکەمان و میراتی دەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆرمان، خۆمان بە دنیای دەرەوەی خۆمان بناسێنین، بۆ نموونە ئێمە زیاتر لە ڕێی وەرگێڕانی «داغستانی من»ەوە ئاشنای باری کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەلانی قەوقازین، لە ڕێی وەرگێڕانی چیرۆك و ڕۆمانەکانی ئیتماتۆڤەوە ئاشنای ژیان و فەرهەنگی وڵاتی کیرغیزستانین، دۆنی ئارام و ڕۆمانەکانی شۆلۆخۆڤ ئاوێنەی سەردەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی رووسیا و سۆڤێتن، لە ڕێی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی مارکیزەوە هەندێك زانیاریمان لەسەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین هەیە، تەنانەت لە ڕێی وەرگێڕانی شاکارەکانی یەشار کەمالەوە ئاشنای زۆر لایەنی نەریت و فەرهەنگی کوردی کوردستانی تورکیاین. پێم وانییە بەم بێسەروبەرییەی باری وەرگێڕانی ئێستامانەوە و نەبوونی وەرگێڕو دامودەزگای کارامە و ساغنەبوونەوەی گەلێ گرفتی زمانمان بتوانین شان بدەینە بەر ئەو ئەرکە، بەڵام دەکرێ لە ئێستاوە بیری لێ بکەینەوە و نەخشەی پاشەڕۆژی بۆ دابڕێژین و بە پلانی تۆکمە کاری لەسەر بکەین.